**پرسیارەکان**

١-شوێن و سنوری کوردستان کوێیە؟

٢-باسی چۆنیەتی دابەشبوونی دانشتوانی کوردستان بکە بەپێی قەبارە.

٣- باسی چۆنیەتی دابەشبوونی دانشتوانی کوردستان بکە بەپێی پێکهاتەی نەتەوە.

٤- باسی چۆنیەتی دابەشبوونی تۆپۆگرافیای کوردستان بکە.

٥- چۆنیەتی دابەشبوونی سامانی ئاوی کوردستان بخەڕوو.

٦- چیاکان زیاتر لە........ تۆپۆگرافیای کوردستان پێکدەهێنن

٧- سودی گردەکان چین؟

٨- لەخاکی کوردستاندا زیاتر لە چوار ڕووباری گەورە سەرچاوە دەگرێت بیانژمێرە.

٩- ڕووباری ئاراس لە ........ کوردستان سەرچاوە دەگرێت و دەڕژێتە دەریای قەزوین

١٠- ڕووباری دیجلە لە دەریاچەی ...... سەرچاوەدەگرێت

١١- سەرچاوەی ئاوی بێخمە ...........

١٢- سەرچاوەی ئاوبەندی دوکان ..........

١٣- زێیەکانی بەتلیس و بۆتان دەکەونە ........ کوردستان

١٤-دەریاچەی زێبار-زێوار- دەکەوێتە ......... کوردستان

١٥- باسی کەشوهەوای کوردستان بکە

**کوردناسی**

١٦- بۆچی زانستی کوردناسی زانستێکی ئەوروپییە

١٧-باسی مێژووی سەرهەڵدانی زانستی کوردناسی بکە

١٨- هۆکاری بایەخپێدانی ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان بکە بۆ بابەتی کوردناسی

١٩- باسی مێژووی سەرهەڵدانی زاراوەی کوردۆلۆجی بکە

٢٠- سوودی زانستی کوردناسی چیە باسی بکە

٢١- باسی بنیادی بیری کوردناسی لای یۆنانیەکان بکە.

٢٢- باسی کاری هەریەک لەم ڕۆژهەڵاتناسانە بکە: (ماوریز گارزۆنی، ریا، سۆن، لیرخ)

٢٣- بەکورتی باسی کاری کوردناسە موسڵمانەکان بکە.

٢٤- ئیبن حەوقەل لە کتێبی.........زۆر بە ڕوونی نەخشەی کوردستانی کێشاوە.

٢٥- عەلائەدیین سجاددی ومارف خەزنەدار لە بواری..........دا کاریان کردووە

٢٦- دیارترین ئەوکەسانەی کە لەبواری ڕیزماندا کاریانکردووە بریتین لە.........و.........

٢٧- تەنها کەسێک کە لەبواری جوگرافیادا کاری کردبێت ..............یە

٢٨- لە بواری مێژوودا دەکرێت ناوی .......و........ وەکو دوونموونە بهێنرێنەوە

٢٩- مەبەست لەئامانجی زانستی و ئەکادیمی ڕۆژهەڵاتناسان چیە؟

٣٠- گرنگترین کاری کوردناسی چیە؟

**ئەدەب**

٣١- .........یەکەم کەس بوو زاراوەی فۆلکلۆری بەکارهێنا ساڵی..........

٣٢- تایبەتمەندیەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر چین؟ بیانژمێرە

٣٣- جیاوازی ئەفسانەو حیکایەت چیە؟

٣٤- جۆرەکانی پەند بژمێرەو نموونەشیان بۆ بهێنەرەوە.

٣٥- پێناسەی ئیدیۆم بکەو **سێ** نموونەشی بۆ بهێنەرەوە.

٣٧- بۆچی نوکتە بەگەرمی پێوی دۆخی کۆمەڵگا دادەنرێت؟

**مێژوو**

٣٨- لەکۆندا سۆمەری وبابلییەکان ناویان لە کوردستانیان ناوە..........

٣٩- ئاشوورییەکان لەکۆندا کوردستانیان بە .......... ناو بردووە.

٤٠- ڕۆمانەکان لە کۆندا کوردستانیان بە ..........ناو بردووە یۆنانیەکانیشبە...........

٤١- وڵاتی کوردان تا چەرخەکانی یازدەودوازدەمی زایینی بەسەر چەند هەرێمێک ببوو بیانژمێرە.

٤٢- حەمدوڵلا قەزوینی یەکەم کەسە کەلەکتێبی(نزهە القلوب) زاراوەی کوردستانی بۆ وڵاتی کوردان بەکارهێنابێت؟

٤٣- ئەو تیۆرو باوەڕانە کامانەن کە باس لە سەرەتای پەیدابوونی نەژادو ڕەچەڵەکی کورد دەکەن؟

٤٤- زاناومێژووزانی ڕووس (مینورسکی) وای بۆ دەچێت کە کورد نەوەی میدییەکانە.

٤٥- زانای ڕووس ی(مار) ئەوەی دووپاتکردۆتەوە کەوا کورد دانیشتوانی ڕەسەنی چیای ئاسیای بچووکن

٤٦- زانا (مار) بنجی کورد دەبەستێتەوە بەونەتەوەیەی کە ناویان لەنووسینە کۆنەکاندا بە (کردۆخ)

٤٧- زانا (مینۆرسکی) دەربارەی کورد، پاش چەندین ساڵ لەلێکۆڵینەوەو بەدواداچوون گەیشتە ئەوئەنجامەی کەبنجی کورد دەگەڕێتەوەبۆ دوو چین لەنەتەوە. بەوردی باسی هەردوو چین بکە.

٤٨- لە کوردستانی کۆندا چەندین دەوڵەت و ئیمپراتوریەتی دیار هەڵکەوتوون، ئاماژەیان پێ بکە.

٤٩- بۆچی بە جەنگی نەهاوەند گوترا (فتح الفتوح)؟

٥٠- لە سەردەمی عەباسیدا کوردەکان ڕۆڵی سیاسی کاریگەیان گێڕا لە ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ ئەویش بەدەرکەوتنی چەند دەوڵەت ومیرنشینێک کە خاوەن دەسەڵاتی سیاس یکاریگەربوون، ئاماژەیان پێ بکە.

٥١- ئایا دەوڵەتی ئەیوبی دەڵەتێکی کوردی بوو؟ بۆ؟

٥٢- لە ماوەی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان و سەفەوییەکاندا هەندێک لە میرنشینەکان فەرمانڕەوایی کوردستانیان دەکرد، کێ بوون؟

٥٣-هۆکاری ڕووخانی میرنشینە کوردییەکان چی بوو؟

٥٤- -باسی لایەنی پرشنگداری شارستانیەتی میرنشینە کوردییەکان بکە.

٥٥- لەگەڵ ئەوەی کۆماری کوردستان لە مهاباد کەمتر لە ساڵێکی خایاند ، بەڵام چەند کارێکی گرینگی ئەنجامدا، باسیان بکە.

٥٦- کۆماری مەهابادلە بەرواری............ بە سەرۆکایەتی قازی محمد دامەزرا.

**زمان**

٥٧- باسی بۆ چوونی هەریەک لە (مارتنت، چۆمسکی و ساپیر) بکە لەبارەی پێناسەی زمانەوە.

٥٨- چۆمسکی لەبارەی پێناسەی زمانەوە وتویەتی: زمان بریتیە لە................

٥٩- زمان خاوەن پێرەوێکی تایبەتی نەبێت، ئەواکەس ناتوانێ فێری ببێت. ئەمە ڕوون بکەرەوە.

٦٠- زمان خاوەنی هەردوو پەیڕەوەی...........و.........یە. بۆیە مرۆڤ دەتوانێت فێری زمانە جیاوازەکان ببێت.

٦١- تایبەتییەکانی زما ن بژمێرەو لەبارەی یەکیانەوە بدوێ.

٦٢- کەدەوترێت زمان دەنگە، مەبەستمان لەوەیە کەزمان پێویستی بە هەردوو قەناتی...........و..........هەیە.

٦٣- دەست بردن بۆ دەم دەچێتە خانەی ڕەمزی.......یەوە.

٦٤- کۆتری سپی دەچێتە خانەی ڕەمزی...........یەوە.

٦٥- هەریەک لە سوورهەڵگەڕان و زەرد هەڵگەران دەچنە خانەی ڕەمزی....یەوە.

٦٦- زمان لە چەند هێماو ڕەمزێک پێکهاتووە، بیانژمێرەو نموونەش بۆ هەریەکیان بهێنەرەوە.

٦٧- سڵاوکردن دەچێتە خانەی ئەرکی..........زمان و سوێندخواردنیش جەچێتە خانەی ئەرکی..........

٦٨- ئەرکەکانی زمان بژمێرەو لەبارەی یەکیانەوە بە ووردی بدوێ.

٦٩- پەسەندترین گریمانەی زمانەوانی سەبارەت بە زمانی سەرەتایی مرۆڤ کام گریمانەیە؟ بۆچی؟

٧٠- زمانی کوردی سەربە خێزانە زمانی.....یە لە کۆمەڵەی ..........

٧١- بە سنووری جوگرافی گوندیک بۆ چەند گوندێک دەگوترێت..........

٧٢- بە سنووری جوگرافی شارێک و دەوروپشتی دەگورترێت:..........

٧٤- زمانی کوردی دابەشی چەند دیالێکتێک دەبێت بیانژمێرەو بۆ هەریەکیشیان **دوو** نموونە بهێنەرەوە.

٧٥- هۆکاری پەیدابوونی دیالێکت لە ناوزماندا چیە؟

٧٦- جیاوازی نێوان زمان و دیالێکت چیە؟ بە خشتە بیخە ڕوو.

٧٧- پێناسەی زمانی ستاندارد بکەو باسی ڕێگەی پلانی زمان بکە بۆ دروستبوونی زمانی ستاندارد.

٧٨- پێناسەی زمانی ستاندارد بکەو باسی ڕێگەی کلاسیکی بکە بۆ دروستبوونی ئەم زمانە.

جینۆساید

٧٩- پێناسەی جینۆساید بکەو جۆرەکانی بە نموونەوە بخە ڕوو.

٨٠- قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی دایک دەچێتە خانەی جینۆسایدی.......یەوە.

٨١- قەدەغەکردنی جلوبەرگی کوردی دەچێتە خانەی جینۆسایدی..........یەوە.

٨٢- بڕینی قوتی هاوڵاتیان دەچێتە خانەی جینۆسایدی.........یەوە.

٨٣- ئەنفال و کیمیاباران و لەسێدارەدانی هاوڵاتیانی کورد لەلایان ڕژێمی بەعسەوە دەچنە خانەی کام جۆرە جینۆسایدە؟

٨٤- جینۆسایدی ئافرەتە یەزیدیاکان چ جۆرە جینۆسایدێکە؟

٨٥- جیاکردنەوەی پیاوانی بارزانی و گەرمیانی لەخێزانەکانیان و دواتریش ئەنفالکردنیان، چ جۆرە جینۆسایدێکە؟

.

**بەهیوای سەرکەوتن**